# راگەیەندراوی
# ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ
# و،
# ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی!

**هەڵوێستی بەپەلە،**

**بەندکراوی سیاسیی لەبەرامبەر گوللەبارانکردنی خێرادایە!**

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی و ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ، داوایان لە کاربەدەستانی ئێران کردووە، بڕیاری گوللەبارانکردنی **حەبیبوڵلا لەتیفی** هەڵبوەشێنێتەوە کە لەزیندانی شاری سنەدا بەندکراوە.

**ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی – نووسینگەی لەندەن لە بریتانیا**، ڕۆژی هەینی ٢٤ی دیسەمبەری ٢٠١٠، بەدەرکردنی ڕاگەیەندراوێک داوایکردووە بڕیاری لەسێدارەدانی حەبیبوڵلا لەتیفی هەڵبوەشێنێتەوە. **حەبیبوڵلا لەتیفی ڕێکەوتی ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧ لەشاری سنە دەستگیرکراو و، دوای بەڕێوەچوونی دادگەیەکی نادادپەروەرانە لەدادگەی شۆرشی ئیسلامیی شاری سنە، لەڕۆژی (٣) ی مانگی جولای ٢٠٠٨ حوکمی ئێعدام بەسەریدا سەپێنراوە.**

بەوتەی پارێزەری ڕێزدار حەبیبوڵلا لەتیفی، بڕیاری لەسێدارەدانەکەی، ڕۆژی ٢٦ی دیسەمبەر پلانی بۆ دانراوە کە لەئەنجامی دادگەیەکی نادادپەروەرانەدا بڕیار لەسەر گوللەبارانکردنی بدەن.

**ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ** کە ناوەندەکەی لە شاری **نیویۆرک** لە ئەمریکادایە، ڕۆژی هەینی (٢٠١٠/١٢/٢٤)، داوای لە بەرپرسانی دەزگەی دادی ئێران کرد، حوکمی لەسێدارەدانی خوێندکاری کورد حەبیبوڵلا لەتیفی هەڵبوەشێنێتەوە.

ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ لەراگەیەندراوەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە، شێوازی گرتن و شکەنجە و بڕیاری لەسێدارەدانی حەبیبوڵلا لەتیفی زۆر نادادپەروەرانە و نامرۆڤانە بەڕێوەچووە و، کاربەدەستانی ئێرانی هەموو مافەیاسایی و سەرەکییەکانی ئەم بەندکراوەیان پێشێلکردووە. ئەمەش

ئەم باوەڕەی لادروستکردووین کە حەبیبوڵڵا لەتیفی هەروەک بەندکراوانی دیکە، لەلایەن بەرپرسانی ئاسایشەوە پاش شکەنجەدانی، بەبێ هیچ بەڵگەیەک، بڕیاری کوشتنی دراوە.

**ئێمە داوا دەکەین، سەرۆکی دەزگەی دادی ئێران، ڕێبگرێ لەبەڕێوەچوونی ئەم بڕیارە..........!**

## تکایە، داواکانتان بەم ئەدرەسانەی خوارەوە بنێرن:

Leader of the Islamic Republic
Ayatollah Sayed ‘Ali Khamenei
The Office of the Supreme Leader
Islamic Republic Street – End of Shahid Keshvar Doust Street,
Tehran,
Islamic Republic of Iran
Email: Via website: http://www.leader.ir/langs/en/index.php?p=letter (English);
http://www.leader.ir/langs/fa/index.php?p=letter (Persian)
**Salutation: Your Excellency**

Head of the Judiciary
Ayatollah Sadegh Larijani
Office of the Head of the Judiciary
Pasteur St., Vali Asr Ave., south of Serah-e Jomhouri,
Tehran, 1316814737
Islamic Republic of Iran
Email: Via website:http://www.bia-judiciary.ir/tabid/62/Default.aspx;
2nd box (starred)=first name,3rd box(starred)=family name,5th box (starred)=email address, last box=substance of message
To send press grey box on left bottom side
**Salutation: Your Excellency**
**And copies to**:
Governor of Kordestan Province
Esmail Najjar
**Email: In Persian and Kurdish, send via feedback form on the website: http://www.ostan-kd.ir/Default.aspx?tabId=150&cv=4@0_1 In English, French or other languages, use the feedback form on the website: http://en.ostan-kd.ir/Default.aspx?TabID=59**
**Salutation: Dear Governor**

**Also send copies to diplomatic representatives accredited to your country.** Please check with your section office if sending appeals after the above date. This is the fourth update of UA 271/09. Further information: http://www.amnesty.org/en/library/info/MDE13/009/2010/en